# لەمەوبەدوا ڕێکخراوە خوێندکاریەکان ڕوویان نایەت ...

کارزان کریم
زانکۆی سلێمانی

لەبەر رۆشنای و بەرئەنجامی ووشیاربوونەوەی نەوەی نوێ و، ڕووداوە گەورەکەی ئەمساڵ ( مانگرتن ) بۆ داخستن و باسکردن لە گەندەڵیەکان، ئەم ڕووداوە مەزنە ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی تەواو ئیحراجکردوە، بەڕەی لە ژێر پێیان راکێشاوەو، جێگەیان پێلێژ بووە لە ناوەندەکانی خوێندندا، ئیتر ناتوانن باس لە خۆیان بکەن وەك نوێنەری توێژی خوێندکاران، ناتوانن قسەو لێدوان بە ناوی خوێندکارەوە بڵێن .چونکە مانگرتن سەندنەوەی شەرعیەت بوو لەو ڕێکخراوە کارتۆنیانە، کە هیچ نین جگە لە پاشکۆو دەستکەلای حزب بۆ سەرکوتکردن و چەپاندنی توێژی خوێندکاران.

لەمەوبەدوا ڕێکخراوە خوێندکاریەکان ڕوویان نایەت داوابکەن کە با ناوەندەکانی خوێندندا هەڵبژاردن بکرێت بەو شێوازەی ئەوان دەیانەوێت و چەند ساڵێکە پەیرەوەی دەکەن، کە دەرکەوت لە ئەنجامدا هەڵبژاردنەکانیان زیانی زیاتر بوو، چونکە دەبوونە هۆی تێکدانی پەیوەندی نێوان خوێندکاران و بڵاوکردنەوەی تۆی کینەو ڕق بەرامبەر بەیەکتر ...لەپاش دەرچونیشیان تەنها کارەکانیان بریتی بوو لە دەوامنەکردنی ئەندامەکانیان چونکە سەر بەحیزبی دەسەڵاتدار بوون و،ڕێکخستنی ئاهەنگی یەکتر ناسین )کە تەنها یەکتر ناسینی تێدا نەبوو(، ئیستنساخ کردنی هەندێ مەلزەمە )ئەویش زۆر بە نابەدڵی و ناشرینی(، سازدانی هەڵپەرکێ و سەفرە.

مانگرتنی خوێندکاران سەلماندی دەستی ووشیاربوونەوە هاتۆتە مەیدانەوە، کە چیتر بێدەنگنابێت لە ئاست داوالکردنی مافەکاندا، بە هۆی )دەستی ووشیاربونەوە (خوێندکاران چیتر ئەم ڕێکخراوانە بە نوێنەری خۆیان نازانن، هەر بۆیە حزبەکان ناچار دەبن چەند ڕێکخراوێکی تری بەناو سەربەخۆ دروست بکەن تا بتوانن بچنە ناو نەوەی نوێوە، چونکە دەزانن لای نەوەی نوێ ڕووی حزب و حزبایەتی ڕەش و ناشرین بووە .هەر بۆیە دەبێت زۆر ووریابین لەم شێوازە )تازە کۆنە(ی حزبەکان و، دەبێت ڕێگانەدەین ڕێکخراوی بەناو سەربەخۆ دەنگ و تواناو هێزەکانمان جارێکیتر کپ و قۆرخ و سەرکوت بکەنەوە، هەرچەند هەر زوو ئەو ڕێکخراوە بەناو سەربەخۆیانەش کەشفبوون، چونکە ناتوانن بیسەلمێنن کە سەر بە حیزب نین نەیانتوانی پاڵپشتی دەربڕن بۆ داوای خوێندکار .

پێویستە هەڵێژاردن لەسەر بنەمای حزبایەتی لە ناوەندەکانی خوێندندا بۆ ئەبەد ریسوا بکەین و، میکانیزمی نوێ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ساڵانە بدۆزینەوە بە شێوەیەك لەسەر بنەمای حزبی نەبێت و پەیوەوندی هاورێیەتیمان تێك نەدات، یەکێك لە شێوازە باشەکان ئەوەیە لە گروپەکاندا هەڵبژاردن بکەین لە سەر ئاستی گروپ و، لەسەر بنەمای هاورێیەتی بوون و کەفائەت بۆ هەڵسورانی کارەکانی گروپ، کە هەڵبژاردنەکە لەسەر بنەمای دڵسوزی و توانی کارکردن بێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی گروپ، بەجۆرێك هەڵبژاردنەکە نیشانە بێت بۆ هاورێیەتی نەك نیشانە بێت بۆ بردنەوەی حیزبێك، نەك نیشانە

بێت بۆ عەرزی عەزەڵاتی حیزبەکان لە سەر حسابی ئێمە، نەك هەڵبژاردن نیشانە بێت بۆ ئەوەی چ حزبێك دەیباتەوەو، تا چ رادەیەك توێژی خوێندکاران پاشکۆی حزبەکانن .

دەبێت چیتر رێگا نەدەین حزبایەتی ناوەندی خوێندن لە باربەرێت، چیتر رێگا نەدەین حیزبایەتی پەیوەندیەکانمان تێك بدەن، باچیتر رق وکینەی نەوەی کۆن بەهۆی )هەڵبژاردن لەسەر بنەمای حزبی ( نەگوێزرێتەوە بۆ ناو ژیانیمان، باچیتر نەبینە سوتەمەنی بۆ درێژەدان بە ناکۆکیەکانی نەوەی کۆن، بێگومان مانگرتن ئەو واتایانەی بەرجەستەکرد و سەلماندی چیتر نابینە گوێلەمست و کویلە وسوتەمەنی حزب .